# عاشقێک لەپێناوی مەعشوقەکەی دونیا لەخۆی تاریک دەکات

**ئەو چیرۆکەی لە خوارەوە دەیخوێننەوە، ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە لە شارێکی ژاپۆن ڕوویداوە، لە خوێندنەوەی ئەو پێشهاتەی خوارەوە، دەریایەک لە وەفا و گریانێک لە هەژانمان بۆ دەسەلمێت. لە ڕێگای دیوە جوانەکەی ئەو بەسەرهاتەوە، خۆشەویستییەکی ڕووناکمان بۆ دەردەکەوێت، هەرچەندە لەکۆتایی یەکێک لە خۆشەویستەکان تاریکی باڵ بەسەر ڕووناکایی چاوی دێت.**




کوڕ و کچێکی گەنجی ژاپۆنی لە یەکێک لە تاقیگەکانی شوشتنەوەی فیلمی کامێرا کار دەکەن، ئەوان بەهۆی ئەوەی ڕۆژانە کاریان لەگەڵ یەکە و هەردووکیان لە زۆربەی شتەکان لەیەک نزیک بوون، وەکوو ئاستی خوێندەواری (هەردووکیان دەرچووی پەیمانگان) و تەمەن و باری دارایی و ئاستی ڕۆشنبیریی، بە تێپەڕبوونی زەمەن، خۆشەویستییەکی خوایی و سروشتی لە قەدی دڵیانەوە بۆ یەکتری، چرۆی کرد.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، خۆشەویستی نێوان ئەو دوو پەپولەیە بەرەو ترۆپک دەڕۆیشت. گەیشتبووە ڕادەیەک، نەیاندەتوانی بێ یەکتر بژین، هەموو سپێدەیەک لەگەڵ کازیوەدا بە تەلەفۆن یەکتریان لەخەو هەڵدەستان و لە بەیانییەوە تا ئێوارە، لە تاقیگە بە جۆش و خرۆشەوە کاری خۆیان بە تەواوی ڕادەپەڕاند و دەمە و عەسرانێک، بۆ پشوویەکی عاشقانە و هەڵمژینی هەوای شادی بەختەوەری، سەریان لە پارکە جوانەکەی نزیک تاقیگەکەیان دەدا و لەوێش بەدەم پیاسەوە، لە ژێر گەڵای قەدەکانی دارەوە، لە کەنار نافورە جوانە ڕەنگاڵەییەکەی ناوەڕاستی پارکەوە، پەیڤە جوانەکانی خۆشەویستییان دەگۆڕییەوە.

خۆشەویستیی ئەو دوو پەرییە لە ئاستێکدا بوو، ببووە